لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژم کرد دەستی ڕاستی لەسەر دەستی چەپی دانا لەسەر سینگی

لە وائیلی کوڕی حوجرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نوێژم کرد دەستی ڕاستی لەسەر دەستی چەپی دانا لەسەر سینگی».

[صەحیحە] [ئیبنو خوزەیمە گێڕاویەتیەوە]

دەستی ڕاستی لەسەر دەستی چەپی دانا لەسەر سینگی): ئەگەر باسی دەست بکرێت مەبەست هەتاوەکو مەچەکە، وئەمیش مەبەستە لەم فەرموودەیەدا. ولە گێڕانەوەی (أبو داود والنسائي) هاتووە: (ثم وضع يده اليُمنى على ظهر كفه اليُسرى والرُّسْغ والساعد) واتە: (پاشان -دەستی ڕاستی- خستە سەر: پشتی دەستی چەپی وسەر مەچەک وبازووی -چەپی-)، ومەچەک: ئەو ئێسکەیە دەست بە بازوو دەبەستێتەوە، واتا دەستی ڕاستی لەسەر هەر سێ بەشەکەی دەستی چەپی دادەنا -دەست ومەچەک وبازوو-. (لەسەر سینگی): واتا دەستی ڕاستی لەسەر دەستی چەپی دادەنا وهەردوویانی دەخستە سەر سینگی لە کاتی وەستانی لە نوێژدا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10909